خاوەنی ئیمتیاز

**جەمیل سنجاوی**

سەرنووسەر

**بەختیار محەمەد**

makhmur@yahoo.com

www.mexmurpress.com

**ژمارە ( ٢٧ )** رۆژنامەیەکی رۆشنبیری گشتییە ، لە مەخموور دەردەچێت نرخ ( ٥٠٠ ) دینار شەممە ١ /٢٠١١/١ ١١ی بەفرانباری ٢٧١٠


## (دەنگی مەخموور) ناوەکانی ماددەی ١٤٠ بڵاودەکاتەوە

جێگری لیژنەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ رایدەگەیەنێت کە ٣٥٠٠ چەکی قەرەبوو دابەشدەکرێت. بۆ ئەم مەبەستە رۆژنامەی (دەنگی مەخموور) ناوەکانی گەڕاوەی ماددەی ١٤٠ بڵاودەکاتەوە، بۆ خوێندنەوەی تەواوی ناوەکانی ماددەی ١٤٠ بڕوانە لاپەرە (٢)و لاپەرە (٧) کە سەرجەم ئەو ناوانەی تازە گەڕاوەتەوە تایبەت بە ناوچەکانی شنگاڵو مەخموور بڵاوکراوەتەوە.




**بڕوانە ل ٢ – ل ٧**

### دەستەی نەزاهە لەموسڵ

# دوو بەڕێوەبەری پێشووی شارەوانی مەخموور بە گەندەڵی تاوانبار دەکات

**تایبەت بە ( دەنگی مەخموور )**

بەشی لێکۆڵینەوەکانی دەستەی نەزاهەی موسڵ دوو بەڕێوەبەری پێشووی شارەوانی مەخموور بەگەندەڵی تاوانبار دەکاتو داوای لێکۆڵینەوە لەگەڵ هەر یەك لە قایمقامی مەخموورو دوو بەڕێوەبەری ناحیەکانی سەر بە مەخموور دەکات.

سەبارەت بەتاوانبارکردنی لەلایەن دەستەی نەزاهەی موسڵ، روقیە محەمەد (بەڕێوەبەری پێشووی شارەوانی مەخموور)، بەرۆژنامەی (دەنگی مەخموور)ی راگەیاند "ساڵی رابردووش بەهەمان شێوە نووسراوێکی بەمشێوەیە ئاڕاستەی شارەوانی مەخموور کراوە، کە لە سکاڵاکەدا هاتبوو بەڵێندەرێکتان بەناوی (فراس) لەگەڵ بەڕێوەبەری شارەوانی مەخموور رێککەوتووە، کە پرۆژەکانی دەداتێ بەقازانجی بەنیوەیی"، روقیە محەمەد ئاماژە بەوەدەکات کە "بۆ بەڕێوەچوونی پرۆژەکان هەر لە موسڵ گرێبەستەکان دەکەنو دەیدەنە بەڵێندەرێك، ئینجا بەڵێندەرەکە دێتە مەخموورو پرۆژەکە ئەنجام دەدات، هیچ شتێ لەدەست شارەوانی مەخموور نییە، بەڵکو هەمووی لەلایەن شارەوانی موسڵ دەکرێت".

لەبارەی ئەوەی تاچەند ئیدارەی مەخموور لێکۆڵینەوە لەسەر راپۆرتی فەرمانگەو بەڕێوەبەرایەتیەکان دەکات. (نەبەز عومەر) قایمقامی قەزای مەخموور بەوەکالەت، گوتی "هەر فەرمانبەرێك لە سنووری مەخموور دەستی هەبێت لە گەندەڵی یا خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات یاخود بەکارهێنانی دەسەڵات بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی، ئەوا لێرە لەمەخموور دەدرێتە دادگاو ئەو حاڵەتانەش هەبووە"، دەربارەی ئەو نووسراوە وتی "لەڕووی یاساییەوە ئێمە ناتوانین بچینە نێو ئەو بابەتانەوە، تەنیا ئەو کەسە کەتایبەتە بە بابەتەکەوە دەتوانێت پارێزەرێك بۆ خۆی بگرێتو بەدواداچوون بکات".

لەلایەکی دیکەوە دەستەی نەزاهەی موسڵ هەر یەك لە بارزان سەید کاکەو نەبەز عومەرو ئیبراهیم شێخەڵلا تاوانبار دەکاتو داوای لێکۆڵینەوە لەگەڵ هەریەك لەو بەرپرسە کوردانە دەکات.



**نەبەز عومەر**

**قایمقامی مەخموور بەوەکالەت**



**روقیە محەمەد**

**بەڕێوەبەری پێشووی شارەوانی**

درێژەی بەدواداچوونەکە لەلاپەڕە (٣) بخوێنەوە.

### نەرمین عوسمان:

# ٣٥٠٠ چەکی قەرەبوو دابەش دەکرێت

**تایبەت بەدەنگی مەخموور**

نەرمین عوسمان جێگری لیژنەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ رایدەگەیەنێت کە ٣٥٠٠ چەکی قەرەبووی ماددەی ١٤٠ ئامادەیەو بەمزووانە دابەش دەکرێت، راشیگەیاند کە ئەوانەی مەشمول نین بەو ماددەیەو چەکی قەرەبوویان وەرگرتووە ئەوا لێکۆلینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت.

سەبارەت بەوانەی ساختەکارییان کردووە لەمامەڵەی ماددەی ١٤٠و چەکی قەرەبوویان وەرگرتووە، نەرمین عوسمان جێگری لیژنەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠، تایبەت بە رۆژنامەی (دەنگی مەخموور) راگەیاند "ئەوانەی ساختەیان کردووە قەت لەیاسا دەرناچن، حاڵەتی لەو جۆرە لەکەرکوك روویداوەو دواتر رەوانەی قەزامان کردووەو لێکۆلینەوەیان لەگەڵدا کراوە"، تایبەت بەساختەکارییەکانی نووسینگەی مەخمووری ماددەی ١٤٠، باسی لەوە کردو گوتی "ئەگەر ئەو ناوانەمان پێبگات کە ساختەیان کردووە، ئەوا دڵنیاتان دەکەینەوە کە بەدواداچوونو لێکۆلینەوەیان لەگەڵ دەکرێت".

سەبارەت بەگەڕانەوەی چەکی قەرەبووی ماددەی ١٤٠، نەرمین عوسمان، راشیگەیاند "ئەمجارە ٣٥٠٠ چەکی قەرەبووی ماددەی ١٤٠ ئامادەکراوەو پارەشی بۆ تەرخانکراوە، دابەشی سەر ناوچە کوردییەکان دەکرێت، وەکو کەرکوكو خانەقینو شنگاڵو هەروەها مەخمووریشی تێدایە"، روونیشی کردەوە کە ئێستا لیژنەیەك بۆ سەرپەرشتیکردنی قەزای مەخموور دانراوە، ئەوان ئیشو کارەکانی ئەو دەڤەرە جێبەجێدەکەن.



# پارێزگاری موسڵ لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکرێت

بەتۆمەتی پێشێلکاری یاساو دەستوور، ئەنجوومەنی پارێزگای موسڵ بۆ یەکەمین جار لێپرسینەوە لەگەڵ پارێزگاری موسڵ دەکات.

سەرچاوەیەك لەراگەیاندنی پارێزگای مووسڵ بە رۆژنامەی (سەباح)ی زمانحاڵی حکومەتی عێراقی راگەیاندووە کە ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵ، (ئەسیل نوجێفی)ی پارێزگاری موسڵ بانکهێشت دەکاتو لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکات. سەرچاوەکە کاتی بانگهێشتکردنی پارێزگاری موسڵی دیاری نەکردووە، ئاماژەی بەوەکردووە کە (نوجێفی) جگە لەم پێشێلکارییەی کە بەبێ ئەوەی رای ئەنجوومەنی پارێزگا وەرگرێت، وەکو لایەنی یاسادانانو چاودێر بەسەر کارەکانی پارێزگا، هەستاوە بەوەی دەستەی وەبەرهێنانی پێشووی هەڵوەشاندۆتەوەو دەستەیەکی وەبەرهێنانی نوێی داناوە. ئەو سەرچاوەیە ئەوەشی خستۆتەڕوو کە پارێزگاری موسڵ چەندان پێشێلکاری دیکەی ئەنجام داوە کە دژی یاساو دەستوورن، بۆیە لەسەر هەموو ئەو کارانەی لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکرێت.

لەلایەن خۆیەوە ئەندامێکی لیستی برایەتی نەینەوا باس لەوەدەکات کە بەپێی یاسای ئەنجوومەنی پارێزگای موسڵ، دەتوانێت پارێزگاری مووسڵ بانگهێشت بکاتو لەسەر هەر کارێکی نایاسایيو پێچەوانەی دەستوور، لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکەن. دەرمان خەتاری ئەندامی لیستی برایەتی نەینەوا راشیگەیاند "ئەگەر ئەو تۆمەتانەی بەتەواوەتی بەسەردا شاغ بێتەوە، ئەوکاتە ئەنجوومەنی پارێزگا مافی ئەوەی هەیە ئەسیل نوجێفی لەسەرکار لابدات، بەو مەرجەی بەکۆی دەنگ لەسەر کار لادانی رازی بن".

# سەرژمێری تایبەت بۆ کەمپی مەخموور ئەنجام دەدرێت

**تایبەت بەدەنگی مەخموور**

لەچوارچێوەی ئەو سەرژمێرییەی کە چاوەڕوان دەکرێت لەئێراق ئەنجام بدرێت، ماوەی مانگێك زیاترە ئەم پرۆسەیە بۆ کەمپی مەخموور بەشێوەیەکی تایبەت بەڕێوەدەچێتو هاوڵاتییانی دانیشتووی کەمپەکەش لەم پرۆسەیە گومانیان هەیە.

بەمەبەستی ئەنجامدانی سەرژمێرییو پێدانی ناسنامەی پەنابەریی بۆ سەرجەم پەنابەران لەئێراق، ماوەی زیاتر لەمانگێك دەبێت، بەسەرپەرشتییو بەرپرسیارێتی (UN)و لیژنەیەکی هاوبەشی حکومەتی ئێراقو حکومەتی هەرێمی کوردستان، پرۆسەی سەرژمێریی لەکەمپی پەنابەرانی مەخموور دەستی پێکردووە، لەلێدوانێکی تایبەت بە(دەنگی مەخموور) هەڤاڵ (پۆلات) بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کەمپ رایگەیاند "ماوەی مانگێك زیاترە پرۆسەی سەرژمێریی لەکەمپ درێژەی هەیە، تائێستا لەچوار بەشی کەمپ تەنها یەك بەش سەرژمێریی کراوە، وا پێدەچێت ئەم پرۆسەیە تا پێنج مانگی دیکە بخایەنێت، لەبەرئەوەی کاتێکی زۆری پێویستە بۆ ئەوەی بەرێكو پێکی سەرژمێرییەکە ئەنجام بدرێت".



لەبارەی ئەوەی پێشتر نیگەرانیو گومانیان لەو سەرژمێرییەو دروستکردنی ناسنامەی پەنابەری هەبوو، ئەو بەرپرسە گوتی "هەندێك لایەنی ئەو سەرژمێرییە مایەی دەستخۆشییە، وەکو فەراهەمکردنی ئازادیی هاتوچۆکردن لەسەرجەم ئێراق، هەروەها دەستەبەربوونی مافی کۆمەڵایەتیو یاساییو رۆشنبیریی، بەڵام ئەوەی ئێمەی نیگەران کردووەو هەمیشە گومانمان لێی هەیە، گفتوگۆی بەردەوامی دەوڵەتی تورکیایە لەگەڵ حکومەتی ئێراق، دیارە هەڵوێستی سیاسی تورکیا تاوەکو ئەمڕۆش لەهەمبەر کەمپەکە تێکدانو داخستنە، ئێمە پێشتریش داوامان لە (UN) کردووە، ئەو ناسنامەی کە بۆ هاوڵاتییانی کەمپ دروست دەکرێت، پێویستە (UN) خۆی دروستی بکات نەك حکومەتی ئێراق، بۆیە بەشداریکردنی دانیشتوانی کەمپ لەو سەرژمێرییە تاوەکو ئێستا بەفەرمی قبوڵ نەکراوە، بەڵام بۆ رێزگرتن لەیاسای ئەم وڵاتە بەناچاریی بەشداریی سەرژمێریمان کردووە، ئێستاش ئەم پرۆسەیە بەشێوەیەکی ئاسایی بەڕێوەدەچێت.



شۆڕش خدر:

**داواکارین خەڵکی رەسەنی مەخموور دا بمەزرێنن**

⬅ ٤



**محەمەد تەها مەخمووری**

**لەبارەی جووەکانی مەخموور دەدوێت**

⬅ ٥



ئارام ئازاد:

**چۆن پارێزگاری لە پەیوەندییەکانمان دەکەین**

⬅ ٦

# ئامارەکانی ساڵی ٢٠١٠ی پۆلیسی هاتوچۆو کەرتی تەندروستی مەخموور

سەرچاوەیەك لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی مەخموور رایدەگەیەنێت لەماوەی ساڵی رابردوو زیاتر لە ٢٢٠ رووداوی جۆراوجۆر روویانداوە، لەبواری تەندروستیش نزیکەی ٣ هەزار حاڵەتی لەدایکبوونو ٤٩ مردن تۆمارکراوە.

ئامارەکانی قەزای مەخموور بەهەرسێ ناحیەکانی (قەراجو گوێڕو دیبەگە) لەزیادبووندایە بەبەراورد لەگەڵ ساڵانی رابردوو، لەوبارەیەوە سەرچاوەیەك لەبەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی مەخموور رایگەیاند "لەماوەی ٢٠١٠/١/١ تاوەکو ٢٠١٠/١٢/٢٥ زیاتر لە ٢٢٠ رووداوی جۆراوجۆر لەسنووری چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکەمان روویانداوە"، ئەو سەرچاوە گوتیشی "رووداوەکان بەم شێوەیە دابەشکراوە، لەسنووری مەخموور (٩٤) رووداو، گوێڕ (٦٦)، دیبەگە (٢٧)، قەراج (٢٥) رووداو"، سەبارەت بەجۆرو شێوازی رووداوەکانیش گوتی "لەنێو ئەم رووداوانەدا (٣١) رووداوی هاتوچۆیە، ٤٧ هەرەشەکردن، ٢٦ دەستدرێژی، ٢ کوشتن، ٣٨ ژن هێنان لەدەرەوەی دادگا، ١٣ هەرەشەی کوشتن، ٥ ساختەکاری، ١٩ شەڕەجوێن، ١٨ رووداوی دیکە".

لەلایەکی دیکەوە سەرچاوەیەك لە کەرتی تەندروستی مەخموور ئامارەکانی لەدایکبوونو مردنی بۆ رۆژنامەی (دەنگی مەخموور) خستەڕوو، کە بەم شێوەی خوارەوەیە: (٢٧١٧) لەدایکبوون لەکەرتی تەندروستی مەخموور تۆمارکراوە، سەبارەت بە مردنیش (٤٩) حاڵەتی مردن تۆمارکراوە.